# یاخی بوونی هۆڵندییەکان لەدەستووری نوێی ئەوروپا

**طه معروف**

2jun2005

بەدوای یاخی بوونی فەرەنسیەکان لە دەستووری نوێی ئەوروپا ،هۆڵندییەکانیش لە ڕاپرسییەکی ئیختیاری سەرتاسەریدا ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە بە زۆربەی زۆری دەنگەکان "نا" بۆ دەستووری نوێی ئەوروپا، یاخی بوونی خۆیان ڕاگەیاند، کە بووە جێگەی نیگەرانی و ناڕەزایەتی حکوومەتە ڕاستومیانڕەوەکەی (پیتربالکنند)ە ی سەرۆک کۆمار و لەیەکەمین وتووێژی لە پەیوەند بە ڕاگەیاندنی ئەنجامی ڕاپرسییەکەی ئەمڕۆ بەتەواوی نیگەرانی خۆیو حکوومەتەکەی بەیانکردوو نای هۆڵندییەکانی بە هەنگاوێکی نا مەسئوولانە هەڵسەنگاند ،بەڵام ئەوەشی ڕاگەیاند کەدەبێت پارلەمان لە کۆبوونەوەی بەیانی پێنج شەممە بە ڕەسمی ئەنجامی دەنگدانەکە بناسێت و بڕیاری لەسەر بدات. جگە لە حیزبی ڕاستڕەوی" پیم فۆرتاین" و حیزبی "یەکێتی مەسیحیەکان" کە" نا' بوون، سەرجەم حیزبە سیاسیەکانی تر بە ڕاستڕەو وو چەپە بورژوازییەکانی ناو پەڕلەمانیشەوە بەڵێ یان دا بۆ دەستووری ئەوروپا لەگەڵ بوونی لێکدانەوەی جیاوازیان کە بەشێک لەم حیزبانە بازارێکی سوودی گەورەی سەرمایەیان پێ باشترە لە کەرت کەرتکردنی، لەلایەکی ترەوە ڕاستڕەوەکان مەترسی "تواندنەوەی" هۆڵندا لە چوارچێوەی ئەوروپایەکی گەورەدا ڕادەگەیەنن و نیگەرانن لە بوون بە ئەندامی دەوڵەتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا، وەیان نیگەرانی لە چەسپاندنی پلانی ئابووری لە چەشنی نیولیبرالی جیهانی کە دەبێتە هۆی لەدەست دانی سەربەخۆیی ئابووری .

بەڵام هەموو ئەو هۆکارانەی کە ئەم حیزبانە باسی لێدەکەن بە هیچ جۆرێک بنچینەی "نا" ی هۆڵندیەکان پێک ناهێنێت و لە ڕاستیشدا ناکۆکن پێی، ئەوەی کە بنچینەی یاخیبوونی هۆلندییەکانی لەم پرۆسەیەدا دیاریکرد ،ترس و نیگەرانییەکە لە داهاتوویەکی هەژاری بۆ زوربەی زۆری هۆلندییەکان بە تایبەت کاتێک یۆرۆ وەکو دراوی ڕەسمی لە چەند وولاتیکدا جێکەوت ،هاوتەریب بوو لەگەڵ دابەزینی ئاستی گوزەرانی زۆربەی کۆمەڵ و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاجۆراجۆرەکان و سەرجەم پێداویستیەکانی ژیان ڕووبەڕووی دەخلێکی دیاریکراو ونزم بووەوە کە ئاستی هێزی کڕین دووبەرابەر دابەزی یانی بۆ هۆلندا دراوی" گلدن یەکسان کرا بە یۆرۆ" ئەمەش لە تەفسیری

ئابووریدا شکڵێکە لە تەقەشوفێکی رانەگەیەنراو بۆ سەر ئاستی گوزەرانی زۆربەی خەڵکی ،هەر بۆیە بە تەنها لەم گۆشەیەوە ئەتوانرێت بنەمای ئەم یاخی بوونە لە دەستووری ئەوروپا دیاریبکرێت. خۆ پیشاندانو نارەزایەتیە بەر بەرینەکانی ساڵی پار لە ئەمستردام و رۆتردام کە بەبەشداری دەهاهەزار لە کرێکاران، فەرمانبەران ،بێکاران ،خانەنشینان لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی کرێ ،کرێی یەکسان وبەرابەر بۆ لاوان و بەساڵاچوان ، بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری ، پشتکردنە ئەم داخوازییە جەماوەریانە ، بووە هۆی تووڕەیی و نەفرەتو نارەزایەتییەکی بەرفراوانی زۆری جەماوەری وە ئەم رێژە بەرزە لە' نا' کە 61.7% دەنگەکان بوو،( مۆرکی) دژی حکوومەتەکەشی لە خۆ گرتبوو،هەر بۆیە سەرۆککۆمار پێشنیاریدا کە ئەم راپرسییە نە کرێتە کەمپینێ بە دژی حکوومەتەکەی.